ڕاگەیاندنی ژمارە(3)

# ئاسایشی سلێمانی "جەزا حسێن" ئەندامی کۆمیتەی سلێمانی دەستگیر دەکات

دوابە دوای دەستگیر کردنی( کاروان نەجمەدین) ئەندامی کۆمیتە رابەری رێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەرۆژی 8/8 وە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە، وە هێشتنەوەی لەزیندانەکانی ئاسایشدا وە رێگە نەدان بۆ بینینی لەلایەن کەسوکارو هاوڕێ کانیەوە، سەرلەئیوارەی رۆژی 8/11 یش مەفرەزەیەکی تری ئاسایش لەچاپخانەی کرێکاران لەشاری سلێمانی هاوڕێ(جەزاحسین) کادری حزب و ئەندامی کۆمیتەی سلێمانی بەبێ هیچ هۆکارو راگەیاندنێك دەستگیر دەکەن.

دەستگیر کردنی هاوڕێ( جەزا حسێن) لەلایەن ئاسایشی سلێمانیەوە، ئیتر حکایەتی "عەرەبانەی پڕ لەنامیلکەو کتیبە کانی هۆی گرتنی کاروان مەجید"لەلایەن سەرچاوە بەرپرسەکەی ئاسایشی سلێمانی، بەتەواوەتی بەدرۆ دەخاتەوەو، واقعیەتی ئەم هێرش و پەلامارەی ئاسایشی سەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان بەئاشکراترین شێوە نیشان دەدات، کە دەستگیر کردنی کادران و رابەرانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بێجگە لە هەولێکی تری ئاسایش بۆ بەرگرتن بە هەڵسوڕانی ئازادیخوازانەی لە پێناو مافە کانی خەڵکی کوردستاندا نییە.

ئێمە لە کاتێکدا ئەم هێرشەی ئاسایشی سلێمانی بۆ گرتن و زیندانی کردنی هاوڕێیانی حزب بەتوندی مەحکوم دەکەین، وەئەمە بەهەنگاوێکی تر دادەنێین لەراستای ئەو پێشێل کاریانەی بەردەوام هێزەکانی سەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان دژ بەئازادی هەڵسورانی سیاسی حزبی ئێمە بەرێوەی دەبات ، لە هەمان کاتدا داوا لە گشت حزب و لایەنە سیاسیەکان و رێکخراوە جەماوەریەکان و هاورێیان و دۆستانی کاروان و جەزا وحزب دەکەین، ئەم کارە بەناونیشانی بەرگرتن بەئازادی هەڵسورانی سیاسی مەحکوم بکەن و داوای دەست بە جێ ئازاد کردنیان بکەن.

**کۆمیتەی ڕابەری رێکخراوی کوردستانی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2004/8/12